www.kurdistannet.org
30-10-2006 7:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئاییندەی هێزی ئەمریکی لە عێراق ... شێرزاد عەزیز

ڕمانی بەرەی سووری سۆڤێتی و وولاتانی کۆمۆنیستی ڕۆژهەلاَت گەورەترین ڕووداوی ڕامیاری سەدەی ڕابردوو بوو پاش هەردوو جەنگی جیهانی یەك و دوو. کە جیهانی ڕۆژئاوا و ئەمریکای کردە بەرەی براوەی 50 سالَی ململانێی ئەو دوو سیستەمە دژ بەیەکە. کشانی گلۆبالَیزمیش بۆ دەرەوەی سنووری دیموکراسی و سیستەمی ئازاد بە خێرایی و توانای سەروو سانسۆر و کۆنترۆلَ ئەوەندەی تر کۆمۆنیستی وەك سیستەم و ڕابردوویەکی نزیك لە هزر و بیری مرۆڤایەتی بردەوە بەمانەوەی چین و کوبا و کۆریاشەوە.
لەسەر ئەم بنەمایەش کۆمەلێك تێز و خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی ڕامیاری و ئابووری و سەربازی وکۆمەلاَیەتی بۆ ئێستا و داهاتووی جیهانی نوێ خرانەڕوو کە چەند درووست و بابەتیش بن هێشتا ناچنە دەرەوەی ئەگەر و لەوانەیە و وەك تیئۆر ماونەتەوە. ئەوەندەی پەیوەستە بە ڕۆژهەلاَتی ناڤین کێشەی (عەرەب- ئیسرائیل) بە درووست بوونی دەولَەتی فەلەستین لە 2005 دا کۆتایی نەهات. بەلَکوو ڕووداوی 11 ی سێبتەمبەر و تیرۆر و ئەفگانستان و عێراق و ئێران و سوریا و تورکیا و ئەوروپای یەکگرتووبەدیموکراسی بوونی ناوچەکە بوونە خالَی پرۆژەی ئەمریکی - ئینگلیزی و هاوپەیمانانیان.
3 سالَ پاش کەوتنی ڕژێمی بەعس و هەموو ئەو گۆڕان و ئاکامە نێوخۆیی و ناوچەیی و عەرەبی و ئیسلامی و نێو نەتەوەییەی کە عێراقی تازەی پێدا تێپەڕدەبێت پرسی هەرە گرنگ لەبەردەم ئەمریکا و بەریتانیا و دۆستانیان ئەوەیە: تاچەند دەتوانن لە قەیرانی جەنگی نێوخۆیی سونە و شیعەی عێراقدا کە ترسناکترین جەنگی لەناوبردن و سڕینەوە و فەوتانی ئەوی ترە بەمیکانیزمی ئەوپەڕی ڕەشە تیرۆر، بمێننەوە یان ئەگەری کشانەوە چەندە... ؟

وەلاَمی ئەم پرسیارە پرسی تر دەوروژێنێت بەوەی، ئەمریکا وەك هێزی یەکەمی سەربازی ناتۆ و ڕۆژئاوای دیموکراسی و بازاڕی ئازاد بە سەرنەکەووتنی لەعێراقدا کێشی خۆی ناخاتە بەردەم پرسیاری ناوچەکە و ڕووسیا و چین و تەنانەت فەرەنسا و ئەلَمانیا و دۆڕاندنی کێشەکانی ئێران و کۆریای سەروو و ڕۆلَی ئەو لە جیهانی ڕامیاری دانابەزێنێت تا ئەوەی نەك هێز و وولاتانی تر بێنەوە نێو هاوکێشەکان بەلَکوو دەگاتە لاوازی پایە و هەلَوێست و بڕیارەکانی.
ئەگەر بە ڤێتنامی بوونی عێراق کۆماریەکانی ئەمریکا ناچاری ئەوە بکات دەستبەرداری هەموو قوربانییەکان و سەدان ملیۆن دۆلارە بێت کە تێچووی جەنگی ڕزگاری عێراقە بە بیر هێنانەوەی هەموو ئەو بانگەشانەی بۆتە بەلَێن بۆ گەلانی عێراق و ناوچەکە، دەتوانێت بە ڕزگاربوونی لە عێراق سەرکردەیی جیهان واز لێبێنێت، ئەگەرێکی وا تائەوپەڕی نابێت لۆژیکییە و سامانی نەوتی عێراق و دۆستایەتی کورد لە عێراق دوو هۆکاری تری گرنگن کە دەچنە پالَ هۆکانی مانەوەی ئەمریکا و گالیسکەی عێراقی نوێ بە مەرجی ئەمریکا و کاریگەری گەلانی عێراقیش لە سەرئایندەیان دەکاتە مانەوەی ئەمریکا وەك ستراتیژی چەسپاو بە هەر گۆڕێنێکیش بێت لە شێواز و میکانیزمی بەڕێوەبردن و پیادەکردندا. عێراق بۆتە بەرژەوەندی نەتەوەیی بۆ ئەمریکا و هەلَبژاردنی ئەو وولاتە ئەمە ناگۆڕێت. قورسایی ڕامیاری لە ئامادەبوونی سەربازیی دایە.
بۆیە ئیسرائیل و عێراق دوو پنتی نەگۆڕی یەکەمی ڕامیاری دەرەوەی ئەمریکی دەبن لەناوچەکە تەنانەت بە ڕەچاوکردنی وولاتانی کەنداوی پڕ نەوتیش.

shirzad@malmo2. net